www.kurdistannet.org
24/01/2002 20:58

# ئازاردان و کوشتنی  ئافرەت شەرەفە !...

# یان بێ شەرەفیی؟

نەوزاد وەلــی

(تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە 110ی بەربانگ لە مانگی 1 ی 1999 دا بڵاوکراوەتەوە بە بۆنەی کوشتنی کچە تورکێکەوە لەلایەن برا بچوکەکەی خۆیەوە لە شارێکی سوید ، لەبەرئەوەی خۆشەویستەکەی کورێکی سویدیی بوو. ئەو کاتە دێڕی دووەمی سەرباسەکە قرتێنرا و باسەکەش کورتکرایەوە بۆ ئەمەی ئێستا. بە هەرحاڵ چونکە کارەساتی ئازاردان و کوشتنی ئافرەت یەکەم جار و دواجاریش نیە ، بۆیە ئەگەر (کوردستان نێت) ڕێم بدات وا دیسان ئەم باسە (کۆنە تازەیە) بڵاوئەکەمەوە بە بۆنەی کارەساتە دڵتەزێنەکەی دوێنێوە ، کوشتنی فاتمەی کچەکورد لە شاری ئوپسالای سوید کە ئەمیش خۆشەویستەکەی کورێکی سویدیی بوو).

لەم ماوەیەی دواییدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوید ، هەواڵی دڵتەزێنی هەمەجۆرە لە هەندێك لە شارەکانەوە بڵاوئەکەنەوە دەربارەی ئازاردان و کوشتنی ئافرەتانی پەنابەران لە لایەن کەسوکاری خۆیانەوە.

هەڵبەتە ئەم کار و کردەوەیە نامۆ نیە لە کلتور و مێژووی گەلانی ناوچەکانی ئێمەدا و بەتایبەتیی ئەو گەلانەی کە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستیی بەشێکی بەرفراوان لە کلتور و داب و نەریتەکەی دروست ئەکەن.

ئەو ڕاستیەیەی کە فەرامۆش ناکرێت ئەوەیە کە تەواوی ئەو پیاوانەی ئەو جۆرە ڕەفتارەیان هەیە و ئازاری ئافرەت ئەدەن ، هەمیشە هۆی تاوانەکەیان ئەگەڕێننەوە بۆ ئایین.

ئەوەی کە بە تاوانی ئازاردان و کوشتنی ئافرەت هەڵئەستێت بەگشتیی ئەڵێت: من بەوە شەرەفی خۆم کڕیوەتەوە و خوا چاکەم ئەداتەوە لەو دنیادا!!!

زۆربەی پیاوی گەلانی ناوچەکەی ئێمە ، ئافرەت بە موڵك و سامانی خۆیان ئەزانن ، هەر لەبەرئەوەشە کە بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکەن.

ئەوانەی کە هۆی ئەو تاوانانە ئەگەڕێننەوە بۆ ئایین ، ئەو ڕاستییە فەرامۆش ئەکەن کە ئێستا لە وڵاتێکدا ئەژین کە تەنانەت هەڵمژینی هەواکەشی حەرامە ، جا نەخوازە پارەکەشیان کە زەریبە و زەکاتی ئەو (غەیرە دینانەیە) و لە ڕوانگەی ئایینە ئیسلامییەکەیانەوە زۆربەیان بە (حەڵاڵیی) پەیدای ناکەن ، واتە زەکاتی (مەلها و بار و سینەما و سەماخانەکان)یشی تیادایە.

کابرای تاوانبار باسی حەڵاڵیی و حەرامیی ناکات کاتێ کە یارمەتییەکەی (سۆشیال) وەرئەگرێت یان پارەی ئیشە ڕەشەکەی ، بەڵام کاتێك کە (پیاوەتییەکەی) ئەکەوێتە مەترسییەوە و هەست ئەکات کە ئافرەتی ناو خێزانەکەی ، هاوسەر بێت ، خوشك یان دایك ، وەك نیوەی کۆمەڵ ڕەفتار ئەکەن ، ئەو کاتە دەست ئەکات بە وڕێنەی چی حەڵاڵە و چی حەرامە و چی شەرەفە!!!

هەر کە باسی ئازادیی و مافی ئافرەت ئەکرێت ، ئیتر پیاوانی کۆنەپەرست و دواکەوتوو وا ئەزانن ، مەبەست لە بەرەڵایی و بەدڕەوشتیی ئافرەتە! لە کاتێکدا کە ئافرەتیش وەك پیاو ئەگەر مافی زۆرتری نەبێت لە ژیاندا ، ئەوا کەمتریشی نیە.

هەزاران هەزار ساڵە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر باوکسالارییە و پیاو دانەری دین و یاسا و سیستمە جیاوەزەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییە و تەنانەت هەر پیاویشە ئەو یاسا و ڕێسایانەی (ڕەوشت و حەیا و شەرەف)ی داناوە و بە بێ پرسکردن بە

نیوەکەی تری کۆمەڵ .. کەچی ئەبێ ئەو نیوەیەش بەزۆر و بەبێ ڕەزامەندیی خۆی پەیڕەوی بکات و بۆی نەبێت ناڕەزایی دەرببڕێت و هەرچ کاتێکیش دەنگی بەرزکردەوە ، ئەوا ئەبێ بە ناوی (حەیا و شەرەفەوە) سزا بدرێت.

ئاخۆ ئەبێ (حەیا و شەرەف) چی بێت لە ڕوانگەی ئەو جۆرە کەسانەوە؟

ئازادیی و مافی ئافرەت ، بەرەڵایی و بەدڕەوشتیی نیە ، بەڵکوو ئازادیی مافی ڕەوای خۆیەتی وەك پیاو ، لە خوێندن و کار و بیروڕا دەربڕین و بڕیاردانی چارەنوسی خۆی و هەڵبژاردنی هاوژین و شێوەی ژیان و بەشدارییکردن وەك پیاو لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیدا.

مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیان و بیروباوەڕە جیاوازە مرۆڤایەتی و ئاسمانییەکاندا ، بەڵام بۆی نیە لەبەر هەرچ هۆیەکیش بێت ، ئازاری مرۆڤێکی تر بدات و چرای ژیانی خامۆش بکات.

ئەوانەی لایان وایە کە ئەتوانن لە وڵاتانی ئەوروپادا و لە دوا سەدەی هەزارەی دووەمی مرۆڤایەتیدا بە عەقڵییەتی 15 سەدە لەمەوبەرەوە بژین! بێگومانە کە خۆیان لە خشتە ئەبەنەوە و ئەبنە مایەی ئازار و کۆڵەمەرگیی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان و ئەو کۆمەڵگایەش کە تیایدا ئەژین.

جگە لەوەش کە تارایەکی ڕەشیش ئەدەن بەسەر داب و نەریت و کلتوری نەتەوەکانیاندا و زۆربەی ئەوروپاییەکانیش وا ئەزانن کە ئەو کردەوە ناڕەوایانەی بەرامبەر بە ئافرەت ئەکرێت ، سیمای کلتوری ئەو نەتەوانەیە.

دەبا ئیتر ئەو جۆرە پیاوە ڕۆژهەڵاتییانە ژەنگی دەمارگیریی و دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی هەڵوەرێنن و بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤایەتییانە ڕەفتار بکەن لەگەڵ (خۆیان) و ئەندامانی خێزانەکانیاندا ، بە تایبەتیی لەگەڵ ئافرەتەکاندا.

دەبا ئیتر پیاو وا نەزانێت کە ئافرەت بەشێکە لە موڵك و سامانەکەی و لەو ڕوانگەیەوە نەڕوانێتە مەسەلەکانی ئافرەت و وا نەزانێت کە ئافرەت (ساوایە) یان کەمئەندامە و هەمیشە پێویستی بە چاودێریی و ڕێنمایی گەورەیەك هەیە.

کام گەورە پیاوی (عاقڵ) و بە توانای دنیا لە باوەشی ئافرەتدا پەروەردە نەبووە؟

کام ڕێبەری ئایینیی و سیاسی و ئابوری و کام شۆڕشگێڕ ، ڕۆشنبیر ، یاساناس بەشێك نەبووە لە گۆشت و خوێنی ئافرەتێك و پارچەیەك لە هەناوی؟

ئێمەی کورد کە لەم قۆناغەدا زیاتر باسی ئازادیی و سەربەستیی گەل و نیشتمانەکەمان ئەکەین ، ئەبێ هەرگیز ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە هیچ گەلێك ناتوانێت ئازاد بێت ئەگەر نیوەی کۆمەڵگاکەی چەوساوە بێت!.